NHS
Liverpool University Hospitals
NHS Foundation Trust

# زانیاری بۆ نەخۆش

## ڕاهێنانەکانی جومگەی شەویلگە

## پسپۆڕانی چارەسەرکردن


پێش دەستپێکردن بە ڕاهێنانەکان ، بۆی هەیە سوود وەربگریت لە دانانی خاولییەکی تەڕ و گەرم لەسەر شوێنی ئازارەکە بۆ ماوەی دە بۆ پازدە خولەک .

ئاگاداری: دڵنیا بە لەوەی تەنها گەرمییەکی کەم بەکار بهێنیت ، بۆ ئەوەی پێستەکەت نە سووتێت .

پاش ئەنجامدانی ئەو کردارەی سەرەوە، دەتوانیت هەندێک ماسوولکە توندەکان بشێلیت .




**ماسوولکە جومگەی شەویلگە:** : بە ئاسانی دەدۆززریتەوە ، دەکوێتە لایەکی سەرەوە (کردنەوە و داخستنی دەم یارمەتیت دەدات بۆ ئەوەی بیدۆزیتەوە ) . بۆ ماوەی دوو خوولەک شێلانی خڕ ئەنجام بدە



**ماسوولکە جومگەی شەویلگە**



ماسوولکەی جوین : دەکەویتە تەنیشتی جومگەکەوە ، لەژێر ئێسکی گۆنا و لەسەر یەک هێڵە لەگەڵ گۆشەی چاووت (داخستنی دانەکانی پشتەوە یارمەتیت دەدات بۆ ئەوەی دەستنیشانی بکەیت ) . بۆ ماوەی دوو خوولەک شێلانی خڕ ئەنجام بدە



ماسوولکەی جوین



**دانیشتنی هەڵە – خراپ :** دانیشتنی شێوازی هەلە و خراپ ، بۆی هەیە ببێتە هۆکاری توند کردنی ددانەکان بەیەکەوە ، ئەمەس دەبێتە هۆکاری توند بوونی ماسوولەکەکانی دەور و بەری جومگەی شەویلگە ، دەبێتە هۆکاری ئازار و بیتاقەتی بۆ تۆ .




دانیشتنی درووست – باش:دانیشتنی درووست - باش دەبێتە هۆکاری حەسانەوەی ماسوولکەکانی جومگە ، بە هاوکاری هەناسەدانی ئاسایی ، هەر بۆیە ئازار و وبیتاقەتیت کەم دەکاتەوە .



**شێوازی حەسانەوەی شەویڵگە : (هەروەها پێی دەووترێت شێوازی 'ن' بۆ زمان ) هەر وەکوو پیتی 'ن' بڵێیت . نووکی زمانت دەبێت لە نیوان دانەکانی پێشەوە بن . ئەم ڕاهێنانە دەبێت بەدرێژایی رۆژ دووبارە بکرێتەوە بە دانیشتنیکی باشەوە دەستپێبکرێت**


**پێویست ناکات ئەم ڕاهێنانانەی خوارەوە هەمووی ئەنجام بدەیت ، تۆ ئامۆژگاریت پێدەدرێت دەربارەی ئەوانەی گونجاوون بۆت.**

**تکایە هەر ڕاهێنانێک لەمانەی خوارەی پینج جار دووبارە بکەرەوە، رۆژی دوو بۆ سێ جار، مەگەر بە پێچەوانەی ئەوەت پێووترابوو .**




**دوو پەنجە لەسەر چەناگەت دابنێ**
**شەویلگەی خوارەوە بهێنە پێشەوە بە نەرمی بەرامبەر پەنجەکانت**

**بۆ ..........خولەک رابیگرە بۆ ..........جار دووبارەی بکەرەوە**



چنگت بخەرە ژێر شەویلگەتەوە
هەوڵ بدە دەمت بکەرەوە بە نەرمی و بە چنگی دەستت بەرەنگاری ئەو جووڵەیە بکەرەە
.

بۆ .........خولەک راییگرە بۆ .........جار دووبارەی بکەرەوە



دوو پەنجەت بخەرە تەنیشتی شەویلگەت . شەویلگەت بە لای پەنجەکانتدا بجووڵێنە و بە نەرمی بەرەنگاری ئەم جوولەیە بکە بە پەنجەکانت

بۆ .........خولەک راییگرە بۆ .........جار دووبارەی بکەرەوە




زمانت لەسەر مەڵاشووت دابنێ و لە پاشترین خاڵەوە بتوانیت ، پاشان بە نەرمی دەمت بکەرەوە بە زیاترین ڕادە ( هەوڵ بدە زمانت لە هەموو ئەو لەسەر مەڵاشووت بیت )

بۆ .........جار دووبارەی بکەرەوە.



ڕاهێنانی میدلاین : : بۆ ئام راهێنانە ئاوێنە بەکار بهێنە ، دەمت بە نەرمی بکەرەوە ، جەخت بکەرەوە لەسەر ئەوەی شەویلگەت لە ناوەڕاست بێت .

بۆ .........جار دووبارەی بکەرەو



شەویلگەت بەلای راستدا پاسان بەلای چەپدا بجوولێنە

بۆ .........جار دووبارەی بکەرەو

.



**شەویلگەی خوارەوەت بهێنە پێشەوە**

**بۆ  .........جار دووبارەی بکەرەو.**



بە هەردوو پەنجە کەڵە و پەنجەی شایەتمان شەوێلگەت بگرە و بە نەرمی دەمت بکەرەوە و بە نەرمی رایکێشە .

## پێڕاگەیاندنەوە ـ فیدباک

پێڕاگەیاندنەوەی زانیارییەکانت زۆر گرنگە بەلای ئێمەوە ، بۆ هاووکاریکردن لە دۆزینەوەی چاوودیری باشتر لە داهاتوودا .
پاش دەرچوونت لە نەخۆشخانە، یاخود پاش ئامادەبوونت لە موعیدی خۆت لە بەشی نەخۆشانی دەرەوەی نەخۆشخانە، نامەیەکی مۆبایلت پێدەگات، و پرسیار دەکات ئایا خزمەتگوزارییەکی ئێمە پێشنیار دەکەیت بۆ کەسی دیکە ؟ تکایە کاتی خۆت دابین بکە بۆ وەڵامدانەوە ، ئەو وەلامدانەوەیە لە سەر تۆ ناکەوێت وهیچ کاتێک ناتوانیت لەوخزمەتگوزارییە بەشداری نەکەیت . یارمەتی و هاووکاری تۆ بە شێوەیەکی بەرز دەنرخێنین .

## زانیاری زیاتر
## بەشەکانی چارەسەرکردن
## نۆخۆشخانەی شاهانەیی لیڤەرپول

**ژمارەی تەلەفۆن Tel:  0151 706 2760**
**ژمارەی تەلەفۆنی تێکست ناردن Textphone Number: 18001 0151 706 2760**

## نووسەر : بەشەکانی چارەسەرکردن
**بەرواری پێداچوونەوە : کانوونی یەکەمی٢٠٢٢**

All Trust approved information is available on request in alternative formats, including other languages, easy read, large print, audio, Braille, moon and electronically.

يمكن توفير جميع المعلومات المتعلقة بالمرضى الموافق عليهم من قبل ائتمان المستشفى عند الطلب بصيغ أخرى، بما في ذلك لغات أخرى وبطرق تسهل قراءتها وبالحروف الطباعية الكبيرة وبالصوت وبطريقة برايل للمكفوفين وبطريقة مون والكترونياً.

所有經信托基金批准的患者資訊均可以其它格式提供，包括其它語言、 易讀閱讀軟件、大字體、音頻、盲文、穆恩體（Moon）盲文和電子格式，敬請索取。

در صورت تمایل میتوانید کلیه اطلاعات تصویب شده توسط اتحادیّه در رابطه با بیماران را به اشکال مختلف در دسترس داشته باشید، از جمله به زبانهای دیگر، به زبان ساده، چاپ درشت، صوت، خط مخصوص کوران، مون و بصورت روی خطی  موجود است.

زانیاریی پێوەندیدار بەو نەخۆشانەی لەلایەن **تراستەوە** پەسەند کراون، ئەگەر داوا بکرێت لە فۆرماتەکانی تردا بریتی لە زمانەکانی تر، ئیزی رید (هاسان خوێندنەوە)، چاپی گەورە، شریتی دەنگ، هێلّی موون و ئەلێکترۆنیکی هەیە.

所有经信托基金批准的患者信息均可以其它格式提供，包括其它语言、 易读阅读软件、大字体、音频、盲文、穆恩体（Moon）盲文和电子格式，敬请索取。

Dhammaan warbixinta bukaanleyda ee Ururka ee la oggol yahay waxaa marka la codsado lagu heli karaa nuskhado kale, sida luqado kale, akhris fudud, far waaweyn, dhegeysi, farta braille ee dadka indhaha la', Moon iyo nidaam eletaroonig ah.